تره‌مپ: ده‌كرێت له‌ماوه‌ی مانگی داهاتودا له‌گه‌ڵ ئێران بگه‌ینه‌ ره‌ككه‌وتن

دۆناڵد تره‌مپ، سه‌رۆكی ئه‌مریكا رایگه‌یاند، به‌یاری كۆتایی له‌باره‌ی دانوستان له‌گه‌ڵ ئێران لای خۆیه‌تی. ده‌شێت، ده‌كرێت له‌ماوه‌ی مانگی داهاتودا له‌گه‌ڵ ئێران بگه‌ینه‌ ره‌ككه‌وتن. ئه‌گه‌ر نه‌گه‌ینه‌ ره‌ككه‌وتن، دۆخه‌كه‌ كاره‌ساتبار ده‌بێت بۆ ئێران.

دۆناڵد تره‌مپ، سه‌رۆكی ئه‌مریكا، ئه‌مێ پێنجشه‌ممه‌، له‌باره‌ی دانوستان له‌گه‌ڵ ئێران، وتی، ده‌بێت بگه‌ینه‌ ره‌ككه‌وتن، ئه‌گه‌ر نا دۆخه‌كه‌ زۆر خراپ ده‌بێت، من ئه‌مه‌م ناوێت، به‌ڵام ده‌بێت بگه‌ینه‌ ره‌ككه‌وتن.

وتیشی، ده‌بو هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه‌ ئێرانییه‌كان ره‌كبكه‌ون، به‌ڵام ره‌ك نه‌كه‌وتون بۆیه‌ له‌ نیوه‌شه‌ودا گورزێكی كاریگه‌ریان به‌ركه‌وت.

جه‌ختیشی كرده‌وه‌، ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵمان نه‌گه‌نه‌ ره‌ككه‌وتن، ئه‌وا دۆخه‌كه‌ كاره‌ساتبار ده‌بێت بۆ ئێران.

لەبارەی کاریگەریی سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل لە دانوستانەکانیان لەگەڵ ئێران، تره‌مپ هەمای بۆ ئەوەی کرد، دوێنێ کۆبونەوەیەکی بەرهەمدارمان لەگەڵ بنیامین نەتەنیاهو کرد، ئەو لە دڵخەکە تەدەگات، بەڵام بۆیاری کۆتایی لای منە. ئەگەر نەگەینە رێککەوتنێکی عادیلانەو باش لەگەڵ ئێران، ئەوا کاتێکی سەخت چاوەڕێی ئێرانییەکان دەکات.

هەروەها وتیشی، پێشبینی دەکەم لەماوەی مانگی داهاتودا بگەینە رێککەوتن. نابێت گەیشتنمان بە رێککەوتن کاتێکی زۆر بخایەنێت، بەڵکو دەبێت بەخێرایی بکرێت، دەبێت ئێرانییەکان بەزویی رازی بن.